به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ’ڕامان‘ی پێوەندیدەر

ئەنوەر سوڵتانی
(بریتانیا)

من ماوەی چەند ساڵێکە ناسیاویم لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)دا هەیە و جاروبارەش هاوکاریم کردووە. گۆڤاری ڕامان بە هۆی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنەبوونی بابەتەکانییەوە جێی سەرنجی کۆمەڵانێکی زۆر لە خوێنەرانی کوردە، هەر لە مێژوو و کۆمەڵناسی و ئەدەب و شانۆوە تا توێژینەوە و وتووێژ و تاد.. لەخۆ گرتووە سەرنووسەری گۆڤارەکە، کاک ئازاد عەبدولواحید، بە هۆی ئەزموون و پێشینەی کاری نووسین و لێکۆڵینەوەی خۆی توانیویەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەڕێوەبەرایەتی ئەو گۆڤارە لەو گۆڕەپانە بەربڵاوەدا لە ئەستۆ بگرێ و سەرکەوتووانە تۆشەی پێویست بۆ زەوق و سەلیقەی گەلێک جیاواز لەیەکی خوێنەران دەستەبەر بکات.

خاڵێکی بەرچاوی بابەتە چاپکراوەکانی ڕامان، لەچاو زۆر چاپەمەنی دەورەیی دیکەی کوردستان لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەدا کوردستانی بوون و کاڵ کردنەوەی سنوورە دەستکردەکانی نێوان بەشەکانی جوغرافیای کوردستانە. ئەگەر ئاوڕێک لە هەندێ سەردەمی تایبەت وەک ماوەی کورتی تەمەنی کۆماری کوردستان و یەک دوو ساڵی پێش و دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانی لێ دەرچێ، کەم و زۆر لە ماوەی ٩٠ ساڵی ڕابوردوودا قەڵەمی کوردی لە هیچ شوێنێکی ئێراندا دەرەتانی نووسینی ئازادی نەبووە، جگە لە سەرهەڵدانی جاربەجار و داخرانی خێرای چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی، لە هەموو ئەو ماوەیەدا شوێنی بڵاوکراوەیەکی ئازادی غەیرە حزبی و دوور لە دەسەڵات و دەست تێوەردانی دەسەڵاتداران، لە کۆمەڵگەی ڕووناکبیریی کوردیدا بەتاڵ بووە کە بتوانێ دەنگی بێدەنگ کراوان بێت و بە بێ تەگەرە و ترس بنووسێت و بگاتە دەستی خەڵک، لە ناوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش. ئەو ئەرکە هەرگیز بە ئۆپۆزیسیۆنی بەربڵاوی ئوروپانشین ڕانەپەڕێ، ئاشکرایە لە ئەگەری یەکانگیربوونی لایەنەکان و وەلاتانی هەڵوێستی دژە کوردیشیان، هێشتا نەیاندەتوانی لە ڕێگەی پۆستەی ئاساییەوە چاپەمەنی کوردی بگەیەننە ناوخۆی وڵات کە ئەویش کێشەیەکی گەورە و گرانە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێ چاپەمەنیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئیستەنبوڵ و تفلیس و باکۆ چاپ

دەبوون، مەسەلەکە پێچەوانە بوو. ئەوان، ڕاستەوخۆ نەیاندەتوانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی خۆیان لەو شارانەوە بنێرنە ناو ئێران، لەبەر ئەوەی دەستبەجێ لەلایەن دەسەڵاتەوە زەوت دەکران و خاوەن ئەدرەسەکانیش دەکەوتنە بەر هێرشی پۆلیس، بەڵام لە عەینی کاتدا، پۆستەی ئوروپا لە ئێران سانسۆری لەسەر نەبوو، لە ئەنجامدا ئەوان لە ڕێگەی دۆست و برادەر و هاوبیرانەوە چاپەمەنییەکانیان لەو شارانەوە دەناردە وڵاتێکی ئوروپی و لەوێوە بە پۆستە بۆ ناوخۆی ئێران بەڕێیان دەکردن، شیردا بۆ داپیر دا!

وا هەیە کەس باوەڕ نەکات کە «کوردستان»ـ یەکەم ڕۆژنامەی کوردیش، دوای گوشاری زۆری سوڵتان لە ئیستەنبوڵ و خدێوی میسر لە قاهیرە و بەرتەنگ بوونی دەرەتانی بڵاوکردنەوەی لەو شارە، تووشی چارەنووسێکی هاوشێوە هات! لە سەرجەم ٣١ ژمارەی ڕۆژنامەکە، تەنیا ٩ ژمارەی ناوی قاهیرەی وەک شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکە بەسەرەوەیە و لەسەر ٢٢ ژمارەی ناوی جنێڤ و لەندەن و فۆلکستنی بریتانیا نووسراوە؛ ڕای گشتیی خەڵک لە کوردستانیش ئەوەیە شوێنی چاپخانەکەی لە وڵاتێکەوە برابێتە وڵاتێکی تر و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر؛ لە کاتێکدا وا نییە و ناوی ئەو شار و وڵاتانە کارێک نییە جگە لە فێڵ کردن و چاوبەستنی پۆلیسی تورک نەبێ، بەدرخانییەکان بە ناچار ڕۆژنامەکەیان دوای چاپ کردنی نهێنی ژمارەکانی لە قاهیرە، ڕۆژنامەکەیان دەناردە ئەو شارانەی ئوروپا و لەوێوە بەهۆی هاوبیران و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی عوسمانیی نیشتەجێی ئەو شارانەوە، بە پۆستەدا بۆ ئیستەنبوڵ و شارەکانی تری ئیمپراتۆرییەتە نەخۆشەکە بەڕێیان دەکردن، دەنا سەرجەم ژمارەکانی کوردستان هەر لە قاهیرە دەرچوون!

بە ئەزموونێکی وا تاڵ و بەندوبەستێکی گەلێک قورستری سیاسی لە چاو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئاشکرایە دەوری چاپەمەنییەکانی ئێستای باشووری کوردستان لەپێناو پاراستن و ڕاگرتنی چرای پێوەندی لە نێوان بەشەکانی دیکەی کوردستاندا گەلێک گرنگە. باشووری کوردستان، سەرەڕای هەموو تەنگوچەڵەمەیەک کە ڕۆژانە بۆی دادەنرێتەوە، بۆ زۆرێک لە ڕووناکبیرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕووگەیەکە و هەمووان ئاواتی سەرکەوتوویی بۆ دەخوازن. باشوور تەنیا هی خەڵکی باشوور نییە و دڵی خەڵکانی هەموو بەشەکانی خاکی دابەشکراومان لەوێیە و بۆ ئەو لێ دەدات.

لەو پێوەندییەدا دەوری ڕامان لە نێو چاپەمەنییە دەورەییەکانی باشووردا گەلێک بەرچاوە. گۆڤارەکە بووەتە دەنگی ئەو قەڵەمانەی وا لە لایەن داگیرکەرانی خاکەوە بە ناحەق شکاون و دەنگیان کپ کراوە. دەستخۆشییەکی زۆر لە کاک ئازاد عەبدولواحید، کە لەو هەموو ماوەی ٢٧ ساڵەدا باری گرانی (ڕامان)ی بە کۆڵەوە گرتووە و سەرەڕای بارودۆخی نەخوازراو و نالەبار و ئەو هەموو تەنگوچەڵەمەیەی کە بۆی هاتووەتە پێش، کۆڵی نەداوە و کۆڵی دانەناوە. ئایا ئەرکی ئەو لە ئەرکی ئەو کۆڵبەرانەی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات ناچێ و زەحمەتەکەشی لە هی ئەوان زیاتر نییە؟ دەستی خۆی و هاوکاران و هاوباران و هاوبیرانی خۆش بێت و ئەو قەڵەمانەش نەڕژێن وا لەو ماوەیەدا لاپەڕەکانی ڕامانیان ڕازاندووەتەوە.

٢٠٢٤/٧/٢٥